چیرۆکی وەرگێڕدراو



گابریل گارسیا مارکیز

# وەک چاوەکانی سەگێک شین

و: عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە



دواجار کەوتە تەماشاکردنم ، سەرەتا پێم وابوو یەکەم جارە دەمبینێ بەڵام کاتێک لەودیوی ئاگردانەکەوە پێچێکی کردەوە و منیش بەردەوام هەستم بە دیدە فێڵبازەکانی دەکرد، کە بەسەر پشتمدا دەخزاو بەسەر هەردوو شانەکانمدا دەپەڕییەوە ئەوکات لەوە تێ گەیشتم کە ئەوە منم یەکەم جارە دەیبینم، جگەرەیەکم داگیرساند بەر لەوەی کورسییەکەم وەرچەرخێنم و لەسەر یەک قاچی دواوەی رایبگرم، مژێکی قووڵم لە جگەرەکە دا، ئەوسا

نەمدەتوانی وەک خۆی ببینم چۆن هەموو شەوێ لای ئاگردانەکەیا دەوەستا و سەرنجی دەدامێ بۆ چەند ساتێک هەر ئەوە کارمان بوو روانین بۆ یەکتری من لەسەر کورسییەکەمەوە کە لەسەر یەک قاچی دواوە وەستاندبووم و تەماشام دەکرد ئەویش بە پێوە وەستابوو، دەستەکانی بۆ سەر ئاگردانەکە درێژ کردو چاوەکانیم دەبینی ئیدی ئەوەشم هاتەوەیاد کە پێم دەگوت "وەک چاوەکانی سەگێک شین"بێ ئەوەی دەستەکانی لەسەر ئاگردانەکە لابەرێت وتی"هەرگیز ئەم رستەیەم لەبیر ناچێت"، دواتر لە شوێنەکەی خۆی لاچوو بەدەم هەناسە هەڵکێشانێکەوە وتی:"وەک چاوەکانی سەگێ شین لە هەموو شوێنێکدا نووسیومە".

سەرنجم دایێ کە چووە لای مێزی خۆڕازاندنەکەوە، لە ئاوێنە خڕەکەوە روخساریم بینی کە تەماشای دەکردم، هەر کاتێک تیشکی رووناکییەکەم دەکەوتە سەر ئەو بە چاوە گەشەکانی بەردەوام سەرنجی دەدامێ، قوتووە گچکەکەی کردەوە کە بە قوماشێکی گوڵگوڵی بە مرواری رازاوە داپۆشرابوو، دواتر بۆدرەکەی کرد بەسەر لووتیا منیش هەر تەماشام دەکرد.

کە تەواوبوو قووتووەکەی داخست و بە قیتی بەرەو ئاگردانەکە گەڕایەوە، وتی:"دەترسم کەسێک خەون بەم ژوورەوە ببینێ و نهێنییەکانم ئاشکرا بکات"، هەمان ئەو دەستە درێژو لەرزۆکانەی گەیاندەوە سەر گڕی ئاگرەکە، کە بەر لە چوونی بۆ بەر ئاوێنەکە گەرمی دەکردنەوە، وتی:"هەست بە سەرما ناکەیت؟"وەڵامم دایەوە:"جار ،جار". وتیەوە:"دەبێ ئێستا هەستی پێ بکەیت"، ئەو کاتە تێ گەیشتم کە بۆچی نەمتوانی لەسەر سەکۆکە بمێنمەوە؛ سەرمابوو وای کرد لەوێدا هەست بە تەنیایی بکەم وتم:" ئێستا هەستی پێ دەکەم"دواتر وتم:"سەیرە، خۆ شەوگار خۆشە، رەنگە چەرچەفەکەم لەسەر لاچووبێت"، ئەو وەڵامی نەبوو، جارێکی تر بینیم چووە لای ئاوێنەکە، منیش کورسییەکەم وەرسوڕانەوە بۆ ئەوەی لەسەر پشت تەماشای بکەم، بێ ئەوەی سەرنجی بدەمێ دەمزانی چی دەکات، زانیم لەبەردەم ئاوێنەکەدا دادەنیشێ، تەماشای پشتم دەکات کە کاتێکی ویست تا گەیشتە ناخی ئاوێنەکەی و گەڕایەوە-بەر لەوەی جارێکی تر دەستی بجووڵێنێتەوە- تا ئەوەی بە یەک جووڵەی دەستی لێوەکانی وەک گوڵی سوور هەڵگەڕان و هێشتا لەبەر ئاوێنەکەیا دانیشتبوو.

لەبەرامبەرمدا، دەمڕوانییە دیوارە لووسەکەی بەرامبەرم، کە دەتوت ئاوێنەیەکی نابینایە و نەمدەتوانی لەوێوە بڕوانمە ئەوەی لە پشتمەوە دانیشتبوو، بەڵام دەمتوانی بیهێنمە پێش چاوی خۆم وەک ئەوەی ئاوێنەیەک بەو دیوارەوە هەڵواسرابێت و وێنەکەی ئەوم پیشان بدات و پێم وت:"دەتبینم". بەڕاستیش دەمتوانی لەسەر دیوارەکە بیبینم، وەک ئەوەی ئەویش لە ئاوێنەکەوە چاوی هەڵبڕێ و لە قووڵایی ئاوێنەکەوە لە پشتی من بڕوانێت لە کاتێکدا من رووم لە دیوارەکە بوو، دواتر بینیم چاوەکانی دادەگرێت بێ ئەوەی قسەیەک بکات، جارێکی تر پێم وت: "دەتبینم". ئەویش جارێکی تر چاوەکانی هەڵبڕییەوەو وتی:"مەحاڵە"، پرسیاری هۆکاری ئەو مەحاڵبوونەم لێ کرد بە چاوێکی پڕ ئارامی و نیمچە داخراوەوە وتی:"لەبەر ئەوەی رووت لە دیوارەکەیە". ئەوکات کورسییەکەم وەرسوڕاند و جگەرەکەیشم بە لێومەوە گرتبوو، کاتێک رووم کردە ئەو، گەڕایەوە شوێنی خۆی لەپشت ئاگردانەکەوە، ئەوەتا دیسانەوە دەستی بۆ سەر ئاگردانەکە راکێشایەوە، وەک چۆن مریشکێک باڵەکانی خۆی هەڵدەخات بۆ خۆ گەرمکردنەوە، سێبەری پەنجەکانیشی لەسەر رووخساری دەبینرا، وتی:"لەوەدایە سەرمام بێت، بێگومان ئێرە شاری بەستەڵەکە". رووخساری بەلایەکدا وەرچەرخاند، سیمای لە رەنگی مسینەوە سوور هەڵگەڕا و کتوپڕ خەمناک دەرکەوت، وتی:"شتێک بکە"، کەوتە داکەندنی جلەکانی، پێم وت:"رووم بەلای دیوارەکەدا وەردەگێڕمەوە"، بەڵام ئەو خێرا وتی:"بێهوودەیە، وەک جارەکانی تر، دەتوانیت بمبینیت".

رۆشنایی ئاگرەکە رەنگە مسینەکەی جەستەی زیاتر دەگەشاندەوە، پێم وت:"زۆرجار حەزم کردووە بەمجۆرە بتبینم کەسکت پڕە لە چاڵی و چۆڵی وەک ئەوەی لێت درابێت"، بەر لەوەی من لەوە تێ بگەم، ئەو قسەیەی کردم چەندە گەمژانە بوو، ئەو چیدی هەستی بەوانەی دەوروبەری نەدەکردو بە ئاگردانەکە خۆی بە گەرمکردنەوە خەریک کردبوو وتی:"هەندێ جار وا هەستدەکەم لە کانزایەک دروست کرابم". بە بێدەنگی شانەکانی بەسەر ئاگرەکەدا دەجووڵاند، پێم وت:"هەندێ جار، لە خەونەکانی تردا، بە پەیکەرێکی گچکەی برۆنزیم دەزانیت کە لە سووچی مۆزەخانەیەکدا دانرابیت، رەنگە هەر بەو هۆیەشەوە بێت سەرماتە".

"هەندێ جار، کاتێک لەسەر دڵم دەخەوم، هەستەکەم بۆشایی لە جەستەمدا گەورەتر دەبێت، پێستم وەک پارچە کانزایەک تەنک دەبێت" دواتر کاتێک خوێن زیاتر قوڵپ دەدات،

له ناخەوه هەست به لێدان دەکەم، وەک ئەوەی کەسێک بۆ بانگکردنم له گەدەم بدات، وای لێ دێت له نێو نوێنەکەمەوه گوێم له زرنگەی مسەکەی ناخم دەبێت، وەک ئەوەی لێ دێت - چی پێ دەڵێن؟وەک پەڕه کاغەزی کانزا".

بێدەنگی دایگرت و زیاتر له ئاگردانەکه نزیکەوه کەوت، پێم وت:"حەزئەکەم گوێم له دەنگت بێت".

"گەر رۆژێک له رۆژان یەکتریمان دیتەوه، کاتێک لەسەر لای چەپم دەنووم گوێ بنێ به پەراسووەکانمەوه، گوێت لێ دەبێت چۆن لێدەدات، حەزم دەکرد تۆش جارێک له جاران وات بکردایه".

لەگەڵ قسەکردنیدا گوێم له هەناسەبڕکێی بەهێزی بوو، وتی سالانێک دەبێت شتێکی لەوه جیاوازتری نەکردووەو له زەمینەی واقیعدا تەمەنی خۆی به سۆراخکردنی من بەخشیوه، تاکه بەڵگەیشی بۆ من رستەی "وەک چاوەکانی سەگێک شین"بوو، بەرەو شەقامەکه رۆیی و منیش بانگم دەکرد، دەیویست هەواڵ بەو تاکه کەسه بگەیەنێت که تەنها ئەو تێ دەگات:"منم ئەو کەسەی شەوان دێمه خەونەکانت بۆ ئەوەی پێت بڵێم: وەک چاوەکانی سەگێک شین".

دەچووه چێشتخانەکان، بەر لەوەی کارێک بکات به شاگردەکەی دەوت:"وەک چاوەکانی سەگێک شین"، بەڵام شاگردەکان بەڕێز و نەوازشەوه دادەنەوینەوه بۆی و موجامەلەیان دەکرد، بێ ئەوەی کەسێک لەوان ئەوەی به بیردابێت جارێک له جاران و له خەونیاندا قسەیەکی لەو جۆرەیان کردبێت، دواتر کەوته نووسین لەسەر چەرچەف و هەڵکۆڵین به چەقۆ له سەر مێزه ساف و لووسەکان:"وەک چاوەکانی سەگێک شین"، لەسەر هەموو پەنجەره تەمگرتووەکان، پەنجەرەی ئوتێل و وێستگەو تەواوی تەلاره حکومییەکان، له پەنجەی شایەتومانی دەینووسی:"وەک چاوەکانی سەگێک شین".

وتی جارێکیان چووەته دەرمانخانەیەکەوه، لەوێش هەمان ئەو بۆنەی کردووه که له ژوورەکەیدا دوای خەونێک بەمنەوه ئەو بۆنەی بۆ هاتووه، بەخۆی وتووه:"بێگومان ئەو لێرەوه نزیکه". دوای ئەوەی تەماشایەکی خشته سوورو تازەکه دەکات به دەرمانسازەکه دەڵێت:"هەموو شەوێک خەون به پیاوێکەوه دەبینم پێم دەڵێت: وەک چاوەکانی سەگێک شین". ئەو کاته دەرمانسازەکەش تێی دەڕوانێت و ئەویش پێی دەڵێت:"دەمەوێ ئەو پیاوه

بدۆزمەوە لە خەونمدا ئەم قسەیەی پێ وتووم"، بەڵام دەرمانساز دەکەوێتە پێکەنین و دەچێتە سووچێکی دوور لەو.

ئەویش بەردەوام دەڕوانێتە خشتە سوورە پاکەکەو بۆنی ئەو بەرامە ناسراوە دەکات، دواتر جانتاکەی دەردەهێنێت و بە قەڵەمی لێو سوورکردنەکەی بە وشەی سوور دەنووسێت:"وەک چاوەکانی سەگێک شین". کە دەرمانسازەکە دەگەڕێتەوە دەڵێت:"خانمەکەم، ئاخر تۆ خشتەکەت پیس کرد". دواتر پارچە قوماشێکی دەداتێ و پێی دەڵێت:"دەبێ ئێستا خاوێنی بکەیتەوە".

لە پاڵ ئاگردانەکەوە لە قسەکردن بەردەوام بوو، وتیشی تەواوی دوانیوەڕۆ و زیاتریشی بەچوار چنگۆڵە بەسەربرد بۆ ئەوەی خشتەکانی دەرمانخانەکە پاک بکاتەوە کە لەسەری نوسیبووی:"وەک چاوەکانی سەگێک شین"تا ئەو دەمەی خەڵکی کۆوە ببوون و بە شێتیان زانی.

ئێستاش کە لە قسەکردن وەستا، من هێشتا لە سووچی ژوورەکەدا دانیشتبووم و بە کورسییەکە جۆلانەم دەکرد، پێم وت:"هەموو رۆژێ بیرم لەو رستەیە دەکردەوە کە بە تۆم بگەیەنێت، ئێستاش پێموایە لە بیرم ناچێتەوە. بەڵام ئێستا هەمان نیازم لەدڵدا نییەو کاتێک لە خەو بەئاگادێم رەنگە ئەو وشانەم هەر لەبیر نەمابێت کە بەتۆم دەگەیەنن".

"ئاخر خۆ یەکەم جار خۆت ئەم وشانەت داهێنا"

"کە ئەو چاوە شینانەی تۆم بینی بۆم هاتن، بەڵام هەرگیز نەمدەتوانی بیر لە بەیانیی رۆژی دواتر بکەمەوە".

بە مستی نوقاوی سەر ئاگرەکەوە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، وتی:"ئەگەر ئێستا ناوی ئەو شارەت بێتەوە یاد کە ئەو وشانەت تێیدا نووسی".

تیشکی ئاگرەکە لەسەر ددانە رێک و ریزەکانی دەدرەوشایەوە و، پێم وت:"حەزەکەم ئێستا دەستت لێ بدەم".

رووخساری بەرزکردەوە کە بەسەر ئاگردانەکەیدا شۆڕ کردبووەوە، چاوە گڕگرتووەکانیشی بەرزکردەوە کە لە هەمان کاتدا وەکو دەستەکانی گەرم داهاتبوون، من هەستم کرد کە چاوەکانی تێ بڕیوم، لە سووچەکەدا کە لەسەر کورسییەکە جۆلانەم دەکرد.

دواجار وتی:"پێشتر وات پێ نەوتووم".

"ئێستا پێت دەڵێم، بەڕاستیشمە".

لە بەرانبەر و لەودیوی ئاگردانەکەوە داوای جگەرەیەکی کرد، ئەوکاتە هەستم کرد بە جگەرەکەم کە خەریکبوو بە نێوان پەنجەکانمدا رۆبچن، لە بیرم نەمابوو جگەرەم بەدەستەوەیە، وتی: "نازانم بۆ نایەتەوە یادم.. ئەو رستەیەت لە کوێ نووسی".منیش بەهەمان هۆوە ناتوانم سبەینێ وەیادی بهێنمەوە".

بە پەژارەوە وتی:"نا، هەندێ جار وا بیردەکەمەوە کە رەنگە بەو نووسینەشەوە خەونم دیتبێت".

هەستام و چووم بەرەو ئاگردانەکە کە ئەویش لەو دیویەوە دانیشتبوو، جگەرە و شقارتەکەم بەدەستەوە بوو کە بۆم نەدەگەیەنرایە ئەوبەری ئاگردانەکە، لەسەر ئاگردانەکەوە جگەرەکەم بۆ درێژ کرد و بەلێوەکانی گرتی، بەسەر ئاگرەکەدا داچەمییەوە بەر لەوەی من شقارتەکەی بۆ داگیرسێنم، پێم وت:"لە شارێک لە شارەکانی ئەم جیهانەدا، بێگومان ئەم رستەیە: چاوە شینەکانی سەگێک، لەسەر هەموو دیوارەکان نووسراوە، ئەگەر سبەینێ بێتەوە یادم ئەوکات رەنگە بتدۆزمەوە. جارێکی تر سەری لە ئاگردانەکە بەرزکردەوە و جگەرەکەش بە داگیرساوی بەدەمیەوە بوو، چرپاندی :"وەک چاوەکانی سەگێک شین".
بەدەم پەرشکردنی خۆڵەمێشەکەوە یادگارییەکانی وەبیرخۆی دەهێنایەوە، بە چاوێکی نیمچە نوقاوەوە دوکەڵی جگەرەکەی بڵاو کردەوە، جگەرەکەی بە پەنجەکانی گرت و وتی:"شتێک گۆڕا، گەرم داهاتم"بەدەنگێکی خێراو خاو ئەم قسەیەی کرد وەک ئەوەی هەر نەیگوتبێ، وەک ئەوەی لەسەر پەڕە کاغەزێک نوسیبێتی و لە ڕووناکییەکە نزیکی بکاتەوە تا من بیخوێنمەوە:"گەرم داهاتم"، پەڕە کاغەزەکەی بە پەنجەکانی گرتبوو بۆم بەر لەوەی لوولی بکات و بیدڕێنێ، کە من هێشتا تەواو نەمخوێندبووەوە:"..گەر..م"، ئەو کاغەزەکەی کردە تۆپێک و هەڵیدایە نێو ئاگردانەکە تا ببێتە هێڵێک لە گڕ و دواتر خۆڵەمێش، پێم وت:"وا باشترە، هەندێ جار کە دەتبینم لای ئاگردانەکەوە هەڵدەلەرزیت..دەترسم".

ساڵانێک بەسەر یەکتر بینینماندا گوزەری کردبوو، هەندێ کات کە پێکەوە دەبووین، کەسێک لە دەرەوە کەوچکێکی بەردەدایەوە، ئەوکات هەڵدەستاین، وردەوردە لەوەش گەیشتین کە هاوڕێیەتیمان ژێرباری شتە دەرەکییەکان و سادەترین رووداوە، هەموو

ژوانەکانمان بە هەمان شێوە بە خستنە خوارەوەی کەوچکێک لە دەمەو بەیاندا بە کۆتایی گەیشتن، ئەوەتا ئێستا لای ئاگردانەکەوە سەرنجم دەداتێ، ئەمەش وەبیرمی دەهێنێتەوە کە ئەو جارانیش بە هەمان شێوە دیقەتی دەدامێ، لەو خەونە دوورەوە، کاتێک وام کرد کورسییەکە لەسەر قاچی دواوەی بسووڕێتەوە و بەردەوام دەمڕوانییە ژنێکی نامۆی چاو خۆڵەمێشی، ئەوکات، لەو خەونەدا بۆ یەکەمجار لێم پرسی: "تۆ کێیت؟"، وەڵامی دامەوە: "لە بیرم نییە"، منیش بەرژدی دەمپرسی:"پێموایە پێشتر یەکترمان بینیوە". بێدەربەستانە وەڵامەکەیم پێ گەیشت "وابزانم، جارێک لە جاران و لەم ژوورەدا خەونم پێتەوە بینی". "راستەکەیت، ئێستا هاتەوە بیرم".

"سەیرە، بێگومان لە خەونی تریشدا بە یەک گەیشتووین". دوو مژی لە جگەرەکەی دا، من هێشتا لەبەر ئاگردانەکەدا بووم، کتوپڕ وام لێ هات چاوم لێی نەدەتروکاند، لەسەریەوە تا پەنجەی پێی، وەک جاران رەنگی مسین بوو، نەک ئەو مسە رەق و ساردوسڕە، بەڵکو مسێکی زەردی نەرم و نیان. دووبارە پێم وتەوە:"دەمەوێ دەستت لێ بدەم".

"ئاخر هەموو شتێک تێکدەچێت".

"گرینگ نییە، دەبێ بالیفەکە هەڵگێڕینەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر یەکتری ببینینەوە".

دەستم لەسەر ئاگردانەکە هەڵگرت، نەجووڵا، بەر لەوەی دەستم بیگاتێ رستەکەی دووبارە کردەوە:"هەموو شتێک تێکدەچێت".

وتی:"گەر توانیت بێیتە ئەمدیوی ئاگردانەکەوە، بتوانین پێکەوە هەڵبسین، کێ دەزانێ لە چ شوێنێکی ئەم جیهانەداین".

"گرینگ نییە".

وتی:"گەر توانیمان بالیفەکە ئاوەژوو بکەین رەنگە بتوانین یەکتری ببینینەوە، بەڵام کە هەڵسایت لە بیرت دەچێتەوە". جارێکی تر بەرەو سووچەکە چوومەوە، ئەو لە پشتمەوە بە ئاگرەکە خۆی گەرم دەکردەوە، بەر لەوەی بگەمە کورسییەکە گوێم لێ بوو وتی:"کە نیوەشەو بەئاگادێم، لەسەر نوێنەکەم ئەمدیو و ئەودیو دەکەم، لێواری بالیفەکە ملم دەسووتێنێ، بەڵام تا کازیوە هەر دەیڵێمەوە: وەک چاوەکانی سەگێک شین، وەک پێشتر، بەدەم روانینەوە بۆ دیوارەکە پێم وت:"ئێستا کازیوەیە"، بێ ئەوەی ئاوڕی لێ بدەمەوە بەردەوام بووم:"کە سەعات دوازدە لێی دا بەئاگابووم، بەڵام ئەوە دەمێک بوو".

بەرەو دەرگاکە چووم و بەر لەوەی دەست بگاتە کێلوونەکەی بەهەمان چەسپاوی دەنگیم هاتە بەرگوێ:"ئەو دەرگەیە مەکەرەوە".

دوای کەمێک بێدەنگی وتی "ڕاڕەوەکە پڕ لە خەونی پەنهان" پرسیم:"چۆن دەزانی؟"، وەڵامی دایەوە:"تۆزێک پێش ئێستا لەوێ بووم، بەڵام کە زانیم بەسەر دڵمدا نووستووم گەڕامەوە ئێرە".

کەمێک دەرکەکەم کردبووەوە، لە درزی دەرگاکەوە شنەبایەکی ساردو نەرم و نیانم بۆ هات کە بۆن و بەرامەی سەوزایی و کێڵگەو ئاوڕینگاویەکانی هەڵگرتبوو، کەوتەوە ئاخاوتن بەڵام من دەرگاکەم کردەوە و پێم وت:"لەو باوەڕەدانیم لە دەرەوەدا هیچ ڕاڕەوێک هەبێت، من بۆن و بەرامەی گوند دەکەم".

"من لە تۆ باشتر دەزانم، ژنێک لە دەرەوەیەو خەون بە گوندەوە دەبینێت". دەستەکانی بەسەر ئاگرەکەوە لە یەک ئاڵاندو بەردەوام بوو:"ئەوە ئەو ژنەیە کە هەردەم ئاواتەخوازبوو لەلادێداماڵێکی هەبێت، بەڵام هەرگیز نەیدەتوانی شار بەجێبهێڵێت". ئەوکات هاتەوە یادم کە لە خەونەکانی پێشووترمدا ئەو ژنەم دیتووە، بەڵام هاوکات لەو کاتەدا کە دەرگاکەم لە بەردەمدا کرابووەوە، بۆم دەرکەوت تەنها نیو سەعاتم ماوە بۆ ئەوەی بڕۆم بۆ بەرچایی خواردن، بۆیە وتم:"بەرهەرحاڵ، دەبێ بۆ خۆئامادەکردن بۆ لە خەوهەڵسان ئەم ژوورە جێ بهێڵم". لە دەرەوە "با"کە تۆزێک وژەی هات و دواتر کپ بوو، ئیدی دەمتوانی هەناسەکانی کەسێکی نوستوو ببیستم کە تازە لە سەر نوێنەکەی ئەمدیو و ئەودێوێکی کردبوو، شنەبای هاتوو لە کێڵگەکانەوە گیرسایەوە و چیدی بۆن و بەرامە نەدەهات، پێم وت: "سبەینێ، کاتێک بە شەقامەکەدا دەڕۆم و ژنێک دەبینم لە دیوارەکە دەنووسێت: چاوە شینەکانی سەگێک، ئەمەت بەبیردێنمەوە".

بەدەم زەردەخەنەیەکەوە-زەردەخەنەی کەسێکی ملکەچ بە شتێکی مەحاڵ-وتی:"وێڕای ئەوەیش، بەڕۆژ هیچت وەبیر نایەتەوە". بەرووخساری پڕ لە خەم و پەژارەوە گەڕایەوە لای ئاگردانەکە بۆ گەرمکردنەوەی دەستەکانی

"تۆ تاکە پیاوی لەم جیهانە کە لە خەو هەڵسا نازانێت خەونی بە چییەوە بینیوە".